داهاتی یەك هەفتەی سلێمانی بە 11 ملیار و 580 ملیۆن دینار بووە

ئەمە هەینیە،ماڵپەری شەفافیەت رایگەیاند،کە داهاتی یەك هەفتەی سلێمانی لە ڕۆژی 11ی کانوونی دووەم تا ئەمە 17ی کانوونی دووەمی 2025، بە 11 ملیار و 580 ملیۆن و 204 هەزار و 850 دینار بووە.

ماڵپەڕی شەفافیەت داهاتی یەك هەفتەی سلێمانی و هەڵەبجەی راگەیاند کە بەراورد بە داهاتی هەفتەی پێشوو زیاتر لە سەدا 57 زیادی کردووە.

ماڵپەڕی شەفافیەت باویکردەوە کە داهاتی یەك هەفتەی سلێمانی لە ڕۆژی 11ی کانوونی دووەم تا ئەمە 17ی کانوونی دووەمی 2025، بە 11 ملیار و 580 ملیۆن و 204 هەزار و 850 دینار بووە.

ماڵپەڕەکە ئاماژەی بەوەداوە کە لەو بڕە 10 ملیار و 82 ملیۆن و 272 هەزار و 750 دیناری نەختینەیە کە سەدا 87ی کۆی داهاتەکە دەکات.

ئەوەش خراوەتەووو کە 1 ملیار و 497 ملیۆن و 932 هەزار و 100 دیناری بەشوەی چەکە کە ڕێژەی 13% پێکدەهێنێت.